سیاسەتمەدارێک هەوڵێک بۆ شاردنەوەی قەبارەی کارەساتی پاڵاوگەی بێجی بڵاودەکاتەوە

مەشعان جبوری، سیاسەتمەداری عێراقی، ڕێوشوێنە نوێیەکانی بەڕێوەبەرایەتی پاڵاوگەی بێجی ئاشکرا دەکات و بە هەوڵێک وەسفی دەکات بۆ "پەردەپۆشکردنی ڕادەی ئەو کارەساتەی بەسەر یەکەی بەرهەمهێنانی ڕۆنی پاڵاوگەکەدا هاتووە"، کە بەهۆی ئاگرکەوتنەوەوە بە تەواوی لەناوچووە.

جبوری لە پۆستێکدا لەسەر پلاتفۆرمی ئێکس کەموتەڵیع بەدواداچوونی بۆ کردووە ڕایگەیاندووە کە:

"ئیدارەی پاڵاوگەکە دەستیکردووە بە جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی ڕێگریکردن لە هاتنە ژوورەوەی مۆبایل، هەروەها هەوڵی بەیاخکردن و پینەکردنی ئامێرەکانی هەیە بۆ شاردنەوەی ڕادەی زیانەکان لەبری ئاشکراکردنی ڕاستییەکان".

جبوری داوای "بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆییەکانی" کرد و جەختی لەوە کردەوە کە "گەندەڵی زۆر ئاشکرایە و ناتوانرێت بشاردرێتەوە".

ئەمەش لە خوارەوە دەقی تویتەکەیەتی: